هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە

ژمارە ١٦
ئاب ٢٠٢٦

### شانزەهەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە تایبەت بە

# یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە، بە بەردەوامی هەواڵنامە بڵاو دەکاتەوە بە مەبەستی هاوبەشکردنی زانیاریی درووست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. هەروەها بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنیدا بەشداران دەخاتە ڕوو. ئەمەش بەمەبەستی بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## نوێترین هەواڵەکان لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان (بەڕێوەبەرایەتی) و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە تەمووزی ساڵی ٢٠١٦دا قەرەبووکردنەوەی ٢٢١٦ ڕزگاربووی دەستی داعشیان ڕاگەیاند کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەیانگرێتەوە. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لە پەیجی فەیسبووکی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە وەربگرن: https://tinyurl.com/3crs845b.

## جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

### نوێکارییە گرنگەکان

■ لە نەینەوا خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەخۆڕایی بۆ ڕزگاربووان بەردەستن

بەڕێوەبەرایەتی بەردەوامە لە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەندروستیی نەینەوا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەخۆڕایی بۆ ڕزگاربووان لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستییە پەیوەندیدارەکان. لە حاڵەتێکدا ئەگەر چارەسەرێکی دیاریکراو یان نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکومییەکان بەردەست نەبێت، دەکرێت ڕزگاربووان ڕەوانەی نەخۆشخانە تایبەتەکان بکرێن و بەڕێوەبەرایەتیش تەواوی تێچووی چارەسەرکردنەکە دەگرێتە ئەستۆ. هەروەها تێچووی گواستنەوە ڕزگاربووانیش بۆ بنکە تەندروستییەکان و بەپێچەوانەوەشەوە دابین دەکرێت بۆ یارمەتیدانی ڕزگاربووان لە وەرگرتن و تەواوکردنی چارەسەرەکانیان. ئەو ڕزگاربووانەی دەیانەوێت سوودمەند بن لەم خزمەتگوزارییانە، دەتوانن سەردانی بارەگای سەرەکیی بەڕێوەبەرایەتی بکەن یان لە کاتژمێرەکانی دەوامی فەرمیدا، پەیوەندی بە ژمارە مۆبایلی ٢٩٨٨..٩٦٤٧٥١١.. بکەن.لەڕێی ئەم بەستەرەوە زانیاریی زیاتر وەربگرە:https://tinyurl.com/4drp4br6

■ دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن

لە میانی یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانیی هەمیشەیی بۆ هۆشیاری و ڕێنماییکردن ، کە لەلایەن (زانکۆی موسڵ)ەوە میوانداری کرا، سەراب ئەلیاس، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان، پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن ڕاگەیاند. لیژنەکە کار دەکات بۆ بەهێزکردنی بابەتی لێبوردەیی لەناو پەروەردەدا، پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕەتکردنەوەی ڕقوکینە و توندرەوی. ئەم دەستپێشخەرییە بەشێکە لە بەرپرسیارێتییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەپێی ماددەی ١.٣ (ب) لە پەیڕەوی ناوخۆی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، کە داوای پەرەپێدانی پرۆگرامێکی خوێندنی تایبەتمەند دەکات لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کە تێیدا تاوانەکانی داعش بخرێنە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا هانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی بدات. بۆ زانیاریی زیاتر:https://tinyurl.com/5a87d4b9



نادیە موراد لە بۆنەیەکی یادکردنەوەدا لە جنێف وتارێک پێشکەش دەکات

## هەواڵی پەیوەندیدار

■ دوازدەیەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ٣ی ئابدا لە شوێنی یادکردنەوەی جینۆسایدەکە لە سۆلاغ/شنگال بەرز ڕاگیرا؛ تێیدا ڕێز لە قوربانییان گیرا و جەخت کرایەوە لە بەردەوامبوونی هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری. هەروەها مەراسیمی یادکردنەوە لە دەرەوەی وڵاتیش لەناو ڕەوەندی ئێزدیدا بەڕێوە چوو، بۆ نموونە لە لاهای، بەرلین و هانۆڤەر. لە جنێف، نادیە موراد و هاوڕێ ڕزگاربووەکانی ساڵیادەکەیان لە کۆشکی نەتەوەکان (Palais des Nations) بەرز ڕاگرت و تیشکیان خستە سەر کارە تەواونەکراوەکانی بەدیهێنانی دادپەروەری و جەختیان کردەوە کە پێویستە ڕزگاربووان بکرێنە چەقی هەوڵەکان بۆ هێنانەکایەی لێپرسینەوە و چارەسەرکردن. هەروەها چالاکییەکە وتەی نوێنەری هەمیشەیی فەڕەنسا و بەڕێوەبەری گشتیی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە جنێف لەخۆ گرت، لە هەمان کاتیشدا ڤیدیۆیەک نیشان درا کە تیشکی دەخستە سەر هێرشەکانی ئابی ساڵی ٢٠١٤ و کاریگەرییە بەردەوامەکانیان.

■ لە میانی دیالۆگی کراوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر (بڕیاردان لەسەر بەڵێنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەست بە ململانێکان لە تەمووزی ساڵی ٢٠٢٦دا، عێراق دووپاتی کردەوە کە پابەندە بە بەهێزکردنی چوارچێوە نەتەوەیی، یاسایی و دامەزراوەییەکان بۆ پشتیوانیکردن لە دووبارە تێکەڵکردنەوەی ڕزگاربووان لەگەڵ کۆمەڵگە. هەروەها باڵیۆز لوقمان فەیلی جەختی لە گرنگیی هاوکاریی نێودەوڵەتی و بنیادنانی توانای نیشتمانی کردەوە بۆ بەهێزکردنی لێکۆڵینەوەکان، لێپرسینەوە لە تاوانباران و پاراستنی ڕزگاربووان. بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ئەم بەستەرە بکەن:
: https://mofa.gov.iq/newyork/?p=8744&lang=en.




■ لە تازەترین ئەڵقەی پۆدکاستی "زیاتر لە مەرەکەبی سەر کاغەز: جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی"، زۆزان محەمەد، ڕێکخەری پرۆژەکان لە دەزگای ژیان لەگەڵ ئەدیبە موراد، کە ڕزگاربوویەکی ئێزدی و پارێزەری مافی مرۆڤە، هەروەها لەگەڵ ئوم مستەفا، کە دایکی یەکێک لە قوربانییانی کۆمەڵکوژییەکەی کامپی سپایکەرە، پێکەوە دانیشتن بۆ تاوتوێکردنی پرسی قەرەبووکردنەوەکان، لێپرسینەوە لە تاوانباران، جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و یاسای کامپی سپایکەر. تەواوی ئەڵقەی پۆدکاستەکە لەڕێی ئەم بەستەرەوە ببیستن: https://youtu.be/tBZ_KdhM12o.

■ دامەزراوەی ئێزدیی ئازاد (Free Yezidi Foundation) کە ئەندامە لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ، بەشداریی لە (دیالۆگی ویندسۆر ٢.٢٦) کرد، کە دیالۆگێکی ساڵانەیە و لەسەر ئازادیی ئایینی لە بەریتانیا بەڕێوە دەچێت. ئەمساڵ سەرنجی دیالۆگەکە خرابووە سەر "پاراستنی باوەڕ: دۆزینەوەی وانەکان لەسەر یارمەتیدانی ڕەوەندی دەرەوەی وڵات". دیالۆگەکە دەنگ و نوێنەری پێکهاتە ئایینی و کەمینە جیاوازەکانی کۆ کردەوە بۆ تاوتوێکردنی هەندێک بابەتی گرنگی وەک چەوسانەوە، ئاوارەیی و ئاڵنگارییەکانی پاراستنی ناسنامەی نەوە جیاوازەکان. چالاکییەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پێکهاتە ئایینییەکان، کەمینەکان، کەسانی ئەکادیمی و نوێنەرانی باڵیۆزخانەی عێراق و دامەزراوەکانی تر بەڕێوە چوو؛ پلاتفۆرمێکی گرنگیشی بۆ دیالۆگ و پەیوەندیگرتن دروست کرد. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم چالاکییە، سەردانی ئەم بەستەرەی خوارەوە بکەن: https://freeyezidi.org/news-updates/raising-yezidi-voices-at-the-/windsor-dialogue-2026

## هەوڵەکانی لێپرسینەوە


■ لە ١٧ی تەمووزدا، بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆژی نێودەوڵەتیی دادپەروەریی تاوانکاری، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا دووپاتی کردەوە کە پێویستە لێپرسینەوەی بەپەلە و گشتگیر و ڕزگاربوو-سەنتەر لە عێراق ئەنجام بدرێت. ڕاگەیەندراوەکە هانی ئەوە دەدات پڕۆژەیاسای تاوانە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکانی عێراق پەسەند بکرێت، کە ئەمەش وا دەکات دادگاکانی عێراق بتوانن بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پرۆسەی دادگاییکردنی ئەو تاوانانە ئەنجام بدەن کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکرێن، هەروەها دڵنیایی دەدات لەوەی کە دڕەندەیی تەواوی تاوانەکانی داعش دانیان پێدا بنرێت و دەنگی ڕزگاربووانیش بخرێتە چەقی پرۆسەی بەرقەرابوونی دادپەروەری و گرنگیپێدانەوە. لەم بەستەرەی خوارەوە تەواوی ڕاگەیەندراوەکە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/1707202631067

■ لە مانگی حوزەیراندا، دامەزراندنی (کۆمیسیۆنی ڕاستی) ڕاگەیەندرا کە ئامانج لێی دەستنیشانکردنی ئەو کێشەیە کە ڕێکخەران وەک "بێئومێدییەکی گەشەسەندوو" دەیناسێنن و مەبەست لێی بێئومێدبوونە لە شکستی حکومەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە لە بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانییانی ئێزدی. کۆمیسیۆنەکە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢.٢٦دا لە پەرلەمانی ئەڵمانیا (بوندستاگ) کۆ دەبێتەوە و چاوەڕوان دەکرێت تێیدا زیاتر لە ٣. قوربانی، ڕزگاربوو و شارەزا لە ماوەی سێ ڕۆژدا بە زارەکی لێدوانی خۆیان پێشکەش بکەن. کۆمیسیۆنەکە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە بەکارهێنانی هەندێک ڕێگەی پراکتیکی بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، لەوانەش بەکارهێنانێکی فراوانتری دەسەڵاتی دادوەریی نێودەوڵەتی و کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەگەریی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران. بەپێی بەدواداچوونی (ڕێکخراوی یەزدا)، کە ئەندامی (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە)یە، لە ماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوودا چواردە کەیسی دەسەڵاتی دادوەریی لە ئەوروپا بەڕێوە چوون. لە نەبوونی چارەچوارچێوەیەکی یاسایی ناوخۆییدا لە عێراق بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، تا ئێستا دەسەڵاتی دادوەریی نێودەوڵەتیی میتۆدێکی سەرەکیی پەیڕەو کردووە بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش. لەم بەستەرەی خوارەوە زانیاریی زیاتر لەسەر کۆمیسیۆنی ڕاستی بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/4aye8usy.


■ لە مانگی تەمووزدا، دادگای باڵای هەرێمی میونشن بڕیاری دادگاییکردنی (ئاسیا ڕ. أ) و (توانا هـ.. س.)ی دەرکرد و بە تاوانی جێنۆساید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ لە دژی دوو کچی ئێزدی سزای دان. ئەم دوو هاوسەرە کوردە عێراقییە بە تاوانبار ناسێنران ئەویش بەهۆی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی سەرەوە لەنێوان ساڵانی ٢.١٥ بۆ ٢.١٧ لە موسڵ لە عێراق و دێرەزوور لە سووریا. توانا هـ.. س. بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان تاوانبار کرا، لەکاتێکدا ئاسیا ڕ. أ. بە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی توانا لە دەستدرێژییەکەدا تاوانبار کرا. لەبەر ئەوەی ئاسیا ڕ. أ. لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکاندا نەگەشتبووە تەمەنی یاسایی، سزای نەوجەوانانی بەسەردا سەپێنرا کە زیندانیکردنەوە بۆ ماوەی نۆ ساڵ و نیو، بەڵام توانا هـ.. س. سزای زیندانی تاهەتایی بەسەردا سەپێنرا. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم کەیسە، سەردانی ئەم بەستەرە بکەن: https://www.yazda.org/munich-trial-update

## داتاکانی ڕاپرسی


لە نێوان مانگی حوزەیران و تەمووزی ساڵی ٢٠٢٦دا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاپرسییەکی بۆ ٩١ ڕزگاربووی ئێزدی، کە لە دەرەوەی وڵات- کەنەدا، ئەڵمانیا، و ئوسترالیا— دەژین، ئەنجام دا، کە وەک شایستەی سوودمەندبوون لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی پەسەند کراون. ڕاپرسییەکە هەڵسەنگاندنی بۆ ڕادەی ڕەزامەندیی ڕزگاربووان کرد لە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیو وەرگرتنی پارەی قەرەبووکردنەوە؛ هەروەها تیشکی خستە سەر ئەو ئاڵنگارییە تایبەتانەی ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات لە کاتی داواکاری پێشکەشکردن و دەستگەیشتنیان بە سوودەکانی یاساکە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، جگە لەمانە، ڕاپرسییەکە جەختێکی تایبەتیشی کردە سەر پرسی قەرەبووکردنەوە.





لە کاتێکدا زۆربەی بەشداربووان گەڕاونەتەوە بۆ عێراق بۆ تەواوکردنی پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکارییەکانیان بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، ١٢٪ یان لە ڕێگەی نێردەی دیپلۆماسیی عێراقەوە لە دەرەوەی وڵات داواکارییەکانیان پێشکەش کردووە. لەنێوان ئەم بەشداربووانەدا، ٩١٪یان ڕایانگەیاندووە کە زۆر ڕازین لە مامەڵەی کارمەندانی قونسوڵگەریی عێراق لەگەڵیاندا.





لە ڕووی شێوازی وتەلێوەگرتنەوە، ٦٤٪ی بەشداربووان هەستیان بە پشتیوانییەکی زۆر کردووە لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردنی لێدوانەکانیاندا، زیاتر لە نیوەشیان (٥٥٪) ڕایانگەیاندووە کە توانیویانە کەسێکی نزیکی خۆیان ببەن بۆ قونسوڵگەری یان باڵیۆزخانە بۆ پشتیوانیی زیاتر. ئەم دەرئەنجامانە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرێک لە داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە کاتی پێشکەشکردنی وتەکانیاندا نێردە دیپلۆماسییەکان وەک لایەن و ژینگەیەکی پشتیوانیکەر دەبینن؛ ئەو دەرفەتەش بەرز دەنرخێنن کە دەتوانن کەسێکی متمانەپێکراوی خۆیان ببەن و لە پرۆسەکەدا لەگەڵیان بێت.




زۆرینەیەکی بەرچاو (٧٣٪) ڕایانگەیاندووە هەستیان بەوە کردووە لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردنی وتەکانیاندا، ڕێزی تەواویان لێ گیراوە و کاتی پێویستیشیان پێ دراوە. ئەم وەڵامە ئەرێنییانە دەیسەلمێنن ڕزگاربووان ئەم شێوازی وتەلێوەرگرتنە لە دەرەوەی وڵات وەک پرۆسەیەک دەبینن کە بە شێوازێکی ڕزگاربوو-سەنتەر بەڕێوە دەچێت. سەرکەوتنی پرۆسەی وتەلێوەرگرتن و پێشکەشکردنی داواکاریی بۆ قەرەبووکردنەوە لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا لە دەرەوەی وڵات بارگرانییەکی دارایی گەورە لەسەر شانی ڕزگاربووان کەم دەکاتەوە کە پێشتر چەشتوویانە و بەهۆی نەبوونی ئەو خزمەتگوزارییەوە پێویست بووە بگەڕێنەوە بۆ عێراق بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکانیان.




بە شێوەیەکی گشتی، ٪٨٧ی بەشداربووان ڕایانگەیاندووە لەڕێی ئەو باڵیۆزخانە یان قونسوڵگەرییانەی عێراقەوە کە لە وڵاتەکانیان بەردەستن، ئاگاداری ئەو خزمەتگوزارییانە بوون؛ لە هەمان کاتیشدا ٪٤٢یان ڕایانگەیاندووە کە زۆر ڕازی بوون لەو پشتیوانییەی پێشکەشیان کراوە. ٪١٥ی دیکەش ڕایانگەیاندووە کە (تا ڕادەیەک ڕازی بوون)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕزگاربووان تا ئاستێکی بەرز ئاگاداری خزمەتگوزارییە بەردەستەکانن، لە هەمان کاتیشدا بەگشتی ئەزموونێکی ئەرێنییان لەگەڵ ئەو پشتگیرییە هەیە کە لەلایەن نێردە دیپلۆماسییەکانی عێراقەوە بۆیان دابین کراون."




لە ڕووی چۆنیەتیی وەرگرتنی قەرەبووی دارایی لەلایەن ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵاتەوە، دەرکەوتووە ٪٩٢ی ئەو ڕزگاربووانە پشت بە وەکیل دەبەستن بۆ وەرگرتنی قەرەبووە ماددییەکان. ئەگەرچی ٪٩٤یان متمانەیەکی زۆریان بە وەکیلەکانیان هەبووە، بەڵام ئەم پشتبەستنە زۆرە بە وەکیل نیشانەی ئەوەیە پێویستە پشتیوانیی زیاتری ڕزگاربووان بکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بە شێوەیەکی واتادار و سەربەخۆ دەستیان بە قەرەبووە ماددییەکانیان بگات. بۆ شیکاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە و گەلێک تەوەری تر کە لە ڕاپرسییەکەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەدا هاتوون، چاوەڕوانی ڕاپۆرتی داهاتوومان بن!

**هاریکاریی یاسایی**

بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگیەکاندا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانەپاڵپشتیی یاسایی پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانیان لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا.
ئەگەر خۆت یان کەسێک دەناسیت پێویستی بە پشتگیری یاسایی هەبێت، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

+9647508516311 legalaid@c4jr.org

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ سەر بە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەیت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ئەو ژن و کچە ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمانانەی لەژێر دەستی داعشدا دیل بوون و ڕزگاریان بووە؛
- ئەو منداڵە ئێزدییە ڕزگاربووانەی لە کاتی ڕفاندنیاندا تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەوە بووە؛
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمان و لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کوشتنی بەکۆمەڵی داعش ڕزگاریان بووە.*

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: tinyurl.com/53xtt4zv
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: tinyurl.com/3rrfdhf2

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت.
دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بێت: tinyurl.com/5b567sp7

* تکایە ئەوە بزانن لە کاتێکدا ئەم وردەکارییانە ڕەنگدانەوەی دەقی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدین، بەڵام هەندێک برگە لە پراکتیکدا بە شێوەیەکی بەرتەسکانە لێکدانەوەیان بۆ کراوە. بۆیە زۆر بەجیدی پێشنیار دەکەین کاتێک داوا پێشکەش دەکەن بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی یان تانە لە بڕیارەکانی دەدەن، داوای یارمەتیی یاسایی پرۆفێشناڵ بکەن.

## دەربارەی ئێمە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لەنێوان 33 ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەرە گونجاوەکان، هەروەها بۆ بەشداریپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان لەپێناو دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

www.c4jr.org
info@c4jr.org
/C4JRorg

هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە